# ئەوان

**فەوزیە سوڵتانبەگی**
**(بۆکان)**

هەمــوو ئێــوارەیەک دەمــەو نوێژی شــێوان زریکەیەکی ســامناک بێدەنگی مــاڵــەکــەمــان دەشڵــەقــێنێ، باوکم لە هەمــوویان زیاتر دادەچڵــەکێ و ڕەنگی دەبزڕکێ. دایکم ســەری دەخــاتە نێــو کــۆشــیــەوە بە بانگ و ســەڵا دەگــری.. ئێمەش بەدەم قیژە و هاوارەوە هەریەکەی لە قوژبنێک دەخزێین. خەڵک هەر یەکەی قسەیەک دەکا ، یەک دەڵێ: ماڵەکەتان ئەوانگەلی تێدایە، یەک دەڵێ گۆڕستانە و حەتمەن جێی قەبری پیاو چاکێکە. یەکی دیکە دەڵێ یا خوا کەس نەکەوێتە بەرچاو و دەمی خەڵک. نووشتەیەکی چاوەزار بنووسن باشە!

دایکم لەکن شێخ نووشتەیەکی نووسی و قورئانە گەورەکەی مزگەوتیشی هێناوە و لەسەر تاقەکەی داناوە، کەچی ڕۆژ دەگەڵ ڕۆژ زریکەکە بەرزترە و سامناکتر دەبێ. وەک هەموو ئێوارەیەک لە دەوری سفرەکە کۆببووینەوە و چاوەڕێ بووین دایکم شــێــو تێکات، لە پڕ قــیــژەیەک وەک بوومــەلەرزە دایچڵــەکاندین و هەموو کەلوپەلی ماڵەکە کەوتن بەسەر یەکدا ورد و خاش بوون.

ئەو ئێــوارەیە بە چاوی خــۆم دیتم لە پشت دەرگــاکــە، تا دەست هەڵێنی کەڵەگەت پەلکەکانی دوو بست لە عەرزی دەخشان. پەنجەکانی سوور سوور وەک دندووکی کەو. نازانم خوێن بوو یا لە خەنەی گرتبوون. حەپەسابووم، زارم کردبۆوە و دەمویست هاوار بکەم شیرن، کەچی هەرچیم دەکرد نە دەنگم دەردەهات و نە زمــانم دەگــەڕا، تا لە دەرگــا ڕۆیشــتــە دەرێ و لە تاریک و حەوشەکەدا ئاوا بوو.

هەرکە لە جێبەکە دابەزی جەرگ و هەناوم بەربۆوە. ناسیمەوە، سەر و قوونی ببووە یەک. گەڵاو گەڵ دەڕۆیی. مامم و کابرایەکی سمێڵ زلی دیکەشی لەگەڵ بوو. بە فەرموو فەرمووی بابم وە ژوور سەرێ کەوتن.

یەکەم جار بوو هاتبوومە شار لەگەڵ منداڵەکانی مامم خۆشاردنەوەمان دەکرد. من خۆم بە حەوشەکەی ئەواندا کرد ویستم لەپشت دەرگاکە خۆم بشــارمــەوە. بە دەنگێکی بۆڕی زەلام داچڵــەکــیم: «چەتیــو ئەوە ئێــرە بۆ هاتووی» !



لە قەراغ شێرە ئاوەکە قوونی دابووە سەر لێواری حەوزەکە، ژێر شاڵوارێک و کراسێکی سپی چڵکنی لەبەردابوو. تەشتێکی پڕ لە خوێن و جەرگ و دڵی لەبەر دەم بوو. بە کێردە زەلامەکەی دەستی، خێرا خێرا لە جەرگ و دڵەکەی دەکردەوە و لە دەمی دەئاخنی. خوێن بەدەم و لەوس و قامکەکان و ئانیشکیدا دەهاتە خوارێ و دەتکایە سەر ژێر شاڵوارەکەی، سەرم لە گێژەوە هات و دڵم

خاو بۆوه، ئیتر نەمزانی چۆن ڕۆیشتمە دەرێ.
– «خـــەیالاّتی بووی، درۆی وا لە کن کـــەس باس نەکەی!»
دایکم خـۆی لە دار و بەرددا. گـوتی: نەبووە و نابێ. شیرن کوا بۆ مێرد دەبێ؟ ئەویش بۆ ڕەحمان زگزل.
بابم بەسەریدا گوڕاند: خودا لەونی لێ گۆڕیوی! تاکەی کۆلاّنە و کۆلاّن دەکـەی بە دوایدا!؟ لێی گـەڕێ با بڕوا. ئێمـەش دەحەسێینەوە، ئەویش دادەمـەزرێ. بە ترسـەوە گـوتم: دەڵێن ئازاری لەگـەڵە، دکتـۆرەکان پێیـان گـوتووە جـەرگ و دڵـی حـەوت ئافـرەتی سـەرودڵدار بخـوا چاک دەبێتەوە.
مــامم دەســتی شــایەدی بەلاملیـــدا دا و گـــوتی: ئەشهـەدوبیللا درۆیە. من لەو جیـرانەتیـەوە بۆ نەمدیوە کەس بخوات.
کـە دایکم چوو بە دوایدا، هەر دوو لاقی بە لێـواری کانییەکەدا شۆڕ کردبۆوە و هەوری لاری دەگوت. هەر کە چاوی بە دایکم کـەوت دەمـەوڕوو کـەوتە نێـو ئاوەکـە. هەردووک چاوی لە ژێڵلا هاتبوون و کەفی هەڵدەخڕاند. دایکم توند دەستی نایە سەر چاوی. لەژێر قامکە باریک و ماندووەکانی دایکمدا وەک چۆلەکەی سەر بڕاو هەڵی دەخستەوە. دوای هەڵبەز هەڵبەزێکی زۆر، ئارامی گرت، چاوێکی بە دەوروپشتیدا گێڕا، هەستـاو بە هەوری لار گوتن بەرەو ماڵێ هاتەوە.
لە خۆشیاندا پێی وەعەرزی نەدەکەوت: «شوکور دەچم بۆ شار...»

بەیانی زوو بوو.
دەنگ لە هیچ کەس و لە هیچ شتێکەوە نەدەهات.
دەرگا دارەکەی حەوشە جیڕەیەکی ناخۆشی لێوە هات.
هێشتا شادییەکەی دوێنێ ئێوارێ بەسەر سیمایەوەی دەشنایەوە.
خێـسـەیەکی دواوەی داوە. دیار نەبوو لە چی! بە پەلە هەلات و لەپشت جێبەکە دانیشت.
سیمای شیرن، لەپشت شووشەی جێبەکەوە جار بەجار لێڵ دەبوو.
لێڵ و لێڵـتر و... تا بوو بە خـاڵێکی ڕەش و لە دوای ئەویش هێڵێکی درێژ و باریکی لە تەپوتۆز، لەپاش خۆی بەجێ هێشت.